www.kurdistannet.org

# گۆڕغەریب

حەمەسەعید حەسەن

شەهیدێ کە بیستی
بەرپرسی هەواری شەهیدان
یەکێکە لە خاوەن فایلان،
کە بیستی هەڤالان
تەماحیان لە جەستەی ژنەکەی کردووە،
کفنەکەی فڕێ دا و
گڵکۆکەی جێ هێشت و
بەرەو شار کەوتە ڕێ،
بێ ئەوەی هیچ بڵێ،
جەماوەر خستیانە سەر شان و
بردیان تا بەردەمی تەلاری سەرکردە،
کە سەرۆک هەواڵی ئاپۆرەی میللەت و
سەرکێشیی شەهیدی پێ گەییشت،
پێی باش بوو بە ڕێژنە بارانی گوتارێ
سنووری بۆ گڕ و بڵێسەی
غەزەبی شەهید و جەماوەر دابنێ،
ئەوەندەی پێ نەچوو
سەرکردە بانیژەی تەلاری ئاوەدان کردەوە،
بەر لەوەی بپەیڤێ
شەهیدی یاخیبوو تفێکی کردە ڕووی،
منداڵان هەر یەکی تفێکیان کردە ڕووی،
جەحێڵان هەر یەکی تفێکیان کردە ڕووی،
ژنانی سیاپۆش هەر یەکی تفێکیان کردە ڕووی،
سەرکردە قەڵتاخی ڕووی سڕی و پێی گوتن:
ئێوە کەی نوێنەری میللەتن؟

ئێوە هەر هەمووتان
پاشماوەی لەشکری ئەنفالن،
هەوێنی ڕەشەبای مردنن......
پێش ئەوەی پێشەوا
کۆتایی بە گوتار بهێنێ،
نیشتمان پارێزان
کە ئیشیان
داکۆکی کردنە لە سوودی باڵای گەل،
شەهیدی سەرکێش و جەماوەر
خەڵتانی خوێن دەکەن،
هەمدیسان شەهیدی یاخیبوو دەکوژرێ،
ئەمجارە تەرمەکەی
شاد نابێ بە ئاڵای کوردستان،
شاد نابێ بە گردی شەهیدان،
ئەمجارە وەکوو هەر کەسێکی گۆڕغەریب
دەنێژرێ.*

2003. 12. 08

* سوپاس بۆ (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادە.